# دڵم لەوجۆرە شوێنانەیە

**ناوی کتێب: دڵم لەوجۆرە شوێنانەیە**
نووسینی: دڵشاد عەبدوڵڵا
بابەت: شیعر
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: زانا سامان
پیتچنین: سۆنیا عەباس
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (٢٤٨٥)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان- سلێمانی

www.serdam.org

# دڵم لەوجۆرە شوێنانەیە

دڵشاد عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٣٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# لەجیاتی پێشەکی:

ماوەیەکی زۆر شیعری کوردی گرفتاری دووجۆرە نەخۆشی بوو، یەکیان نزیک بوونەوەی لە واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەو ئەندازەیەی ئەو هەلومەرجە ببووە کۆتێک بەدەست و پێیەوە ئاڵابووە، هی تریان دوورکەوتنەوەی بوو لەو واقیعە بە هەمان ئەندازەوە وەلێ بە ئاڕاستەی پێچەوانە.

شوێنێک هەیە دەکرێ شیعر بەشێوەیەکی تەندروست لە ناویدا بژیو نزیکیش بێ لە واقیعو نەکەوێتە ناو داویەوە، ئەوجۆرە ئەدەبە وادەکا کە بەرهەمەکانمان بۆنو بەرامەی ڕەسەنایەتی هەڵگرێو تایبەتمەندی وڵات و خەڵکەکەی پێوەبێو هەمیشە پڕۆژەش بێ بۆ ڕاپسکانو یاخیبوون. دیوەکەی تری نەخۆشییەکە کە ڕەهەندی ناقۆڵاو ترسناکی تجریدو وشەسازیو ڕستەی ئاڵۆزو دوورکەوتنەوەیە لە واقیع، کە ئەوەشیان ئەگەر هزرو فەلسەفەیەکی جوانکاری ئەوتۆی لە پشتدابێ ڕەنگە دەبێتە مایەی خوڵقاندنو هێنانە کایەی تەکنیکی تازە بەمەرجێک شاعیر هەتا سەر لەو شوێنانەدا نەمێنێتەوە.. بەداخەوە ئەوەش لە شیعری کوردییدا شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەبوو. لە هەشتاکانەوە هەوڵی گەڕانەوەو

سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو واقیعە شیعرییە دەستی پێکردو بە چەندین کۆسپ و تەگەرەدا ڕێگەی بڕی، تا ئەو کاتەی توانی ڕووناکییەک لە ئاسۆدا بدۆزێتەوە. ئەوانەی توانیان ئەو تونێلە تاریکە دژوارە ببڕن ئەوانە بوون کە ڕوحیان تەژی بوو لە موغامەرەو سەرکێشی، ئەوانەی بڕیان بەو چەندە نەدەشکا کە هەبوو، خولیایان تێپەڕاندنو شکاندنی قەپێلک بوو. واقیع کاتێک جوانە کە لە شوێنێکدا گیرنەخواو هەوڵی بەردەوام هەبێ بۆ گۆڕانی، ئەوە باشتر ڕێز لێ گرتنیەتی. هەر ئەو گەڕانەوەو سەرلەنوێ تەکاندانە بوو کە شیعری لە هەندێک قالب و کەوشەت ڕزگارکردو ئەمەش وایکرد جارێکی تر هاوکێشەی نێوان شیعرو خوێنەرانی بێتەوە گۆڕێ. ئێستا کە بایەخ بەو تەکنیکە شیعرییە تا ئەندازەیەک سادەیە دەدرێو شیعر لە ڕستەی کورت و هەناسەی قووڵ و کۆپلەییدا بەرجەستە دەبێ، ئەوە بۆئەوەیە ببێتە هەڵگری ڕیتمی سەردەمەکەیو مەسجێکە بۆ خوێنەریش، تا بێتەوە ژووان لەگەڵ بەوەفاترینو نازدارترین دۆستی دێرینی خۆی کە شیعرە.

ئەم چەند دەقەی لەبەردەستدایە دەچێتە خانەی ئەوجۆرە هەوڵانە، نزیک کردنەوەی ئاگری شیعرە لە پەرێزی بەجێماوی نێوانی لەگەڵ خوێنەردا..

دەمێکە ئەوجۆرە ئەزموونەم پیادەکردووە لە شیعر نووسینداو لە دیوانەکانی بەراییمدا هەندێکیانم بڵاوکردۆتەوە. ئەوانەی لەم دیوانەشدا هەن بەشێکیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوەو هەمووشیان ساڵی ٢٠٠٩ نووسراون. بەشێکی تری ئەم دیوانە پەیوەستن بە شێوە کارکردنێکی جودا، وەکی ئەوەی ئەم دیوانە

باخچەیەک بۆو بووبێ بە دووبەشەوە، یەکیان پڕبێ لە گوڵی وەرزیی‌و ئەوی تر بەشێوەیەکی تر ڕووابن‌و هەردووکیان ئەنجام یەک باخچەی یەک باخەوانن، ئەگەر قبوڵتان بێ شیعرەکانم بەگوڵ‌و خۆشم بە باخەوان بشوبهێنم، خۆ ئەگەر واش نەبوو دیوانەکە تووڕهەڵدەن با زیاتر نارەحەتتان نەکا. گوڵ و باخچەش با بچێتە خانەی پێدا هەڵدان بەخۆم و بە هیچی وەرمەگرن.

دڵشاد عەبدوڵڵا

# دیمەنی ڕۆژانە (1)

( لە دارێک دەچین هەر پەلکەو هی سەفەرێکە )

له کتێبە کۆنەکاندا:
ئاوریشم لە چینەوە دەبەنە دوورترین مەملەکەت
بەهـ...... لەوەی ڕوح دروستی دەکا
تیلماسکێکی بەشی مەملەکەتێک دەکا

سیمرخ دەفڕێ
کەس نازانێ لە کەیەوە دەفڕێ
کەس نازانێ چۆن دەفڕێ
بەو باڵەگەورانەی
هێشتا کەسی نەگەیاندۆتە جێ

له شەنگەهای کەس بیر لە پیری ناکاتەوە
بوزاش هەر گەنجە
تیشێرتێکی پرتەقاڵی لەبەرە
هەر ئێوارەو
قۆڵی لە قۆڵی کچێکدایە

پەکین گوڵێکە لە باران

له بازاڕی ئەنتیکە فرۆشەکاندا
گوڵی شووشە دەفرۆشن
بولبولی شووشە.. کە دەخوێنێ
دڵی سوور هەڵدەگەڕێ
هی ئەو بە دوو پاتری قەڵەم
هی من بە دوو چاوی کچێ

هەوا پڕە لە شێ
لە بانکۆکدا هەموو شتێک ڕووت بۆتەوە
هەتا خوداشیان
فانیلەیەکی عەللاگەو شۆرتێکی لەبەرە
جووتێ نەعلی
کردۆتە پێ

خوێن دەگێڕێتەوە:
یەکەمجار هێندە سوور نەبووە
ئەو هەموو ناهەقیو زوڵمە
هەتا هاتووە
تۆختری کردووە

کەلێتان دوور دەکەومەوە
هەموو شتێک دەچێتە دۆخی ماناوە
پەلکی دارێک کە دەوەرێ
دڵم دادەخورپێ
نەبادا کەسێک مردبێ

سەفەر هەرچەند درێژیش بێ
بەسمە توێشوی خەیاڵی تۆ
دنیا هەمووی پڕ بووە لە تۆ
ڕۆژ هەرتۆی
شەو هەرتۆی
هەر لە دڵۆپێکەوە تۆی
تا دەریا

که لە سەفەرێک دێمەوە
لوتکەکانی وڵاتەکەم
لە دوورەوە دیارن لەبۆ پێشوازی
بەو پیرییەش
لە سەد گەنجی بستەباڵا ئازاترن

خەون: ناوکی خۆخە
ناخورێ.. فڕێ دەدرێ!
پێ بزانی یا نەزانی
ئەو ناوکەیە دەبێتە دار

فرمێسک: ئەستێرەیە
لە تاریکیدا جوانترە دەرکەوتنی

چرۆ: وامزانی گۆی مەمکە
شێوەی دایکمی گرتووە
گوڵەباخ

شاری بێ ڕووبار نانی ڕەقە

له بەغدا لە تاران لە دیمەشق لە ئەنکەرە
ناتوانن ڕووناکی قەدەغە بکەن لە باخچە

سوننه شیعه کورد
سێ خوشکن
ماڵەبابیان لێ بۆتە زیندان
هەریەکەیان چاوەڕێی شاسوارێکە
بێو بیبا

زمان: هەنارە

شیعر شەربەتییەتی

سپی ڕەنگی منداڵییە
ڕەش هی پیرییە
شەوو ڕۆژ ئەوە دەسەلمێنن

هەنگ هەزاران گوڵ هەڵدەمژێ
یەک دڵۆپ هەنگوینی لێ دروست دەکا
شاعیر لە هەزاران دیمەن
وێنەیەک پەیدا دەکا

پێم بڵێ: خۆشتم دەوێ
هەتا درەخت گەڵا دەربکا

ڕۆژەکان گوێزن

پووچن

ئەوانەی بەبێ تۆن

چاو قوڵترە لە دەریا
هی ڕەش
دەریایەو لە شەودا

بالّندە
باڵی چەند گەورەتر بێ
فڕینی زەحمەتترە

# دیمەنی ڕۆژانە (٢)

(١)

دەپرسێ: ناسنامە چییە؟
پەلەدارێکە لە نەرمەی ناولەپ چەقیووە
چەند دەستی لێ بدەی زیاتر ڕۆدەچێ.
ئەستێرە ناسنامەی هەیە
مانگ هەیەتی
ئاسمان کە دایکی ئەوانەو
سەروەت و سامانی شەووڕۆژ هەمووی
لە گەنجینەی ئەودا پارێزراوە
ناسنامەی نییە.
دەپرسم: ئاسمان هی کێیە؟
هەر کەس و هەر شتێک ئەگەر هەر تەنیا ڕەهەندێکی
هەبوو
ناسنامەی دەبێ
ئەوانەی فرە ڕەهەندو فرە مانان
دژوارە ناسنامەیەک هەبێ بۆیان

ناسنامەی ئیماندار.. دینەکەیەتی
هی مولحد.. سەرکێشییەکەیەتی
هەردووکیان کە کۆبوونەوە لە کەسێکدا
فرە ناسنامەیە ئەوکەسە.
ناسنامەی دەریا هی هەموو شەپۆل و
هی هەموو ماسیی و
هی هەموو چەتەو ڕاوچییەکانیەتی
هی لەرینەوەی بەر مانگەشەو و
هی گەرداوەکانیەتی..
ساکارترین ناسنامەی دەریا ئەوەیە کە ئاوە.
ناسنامەی شەم
سووتانی پەروانەیە
هی بوومەلەرزە چییە؟
شاعیر نەسنامەی نییە.

(٢)

قەڵات هاتە خەونمەوە- بێتاقەت بوو- لە دەست
چۆڵەوانی
ژنەکانی.. بەهەیبەتی ئاودامان درێژەوە
جاران دەهاتنە بازاڕو قەیسەری
هەریەکەو بای چێشتێک شەرمی دەکڕی
دوو سێ کولەکەی حورمەت و
دەسکێک کەرەوزی جوانیی..
نیوەڕۆ تێپەڕی و هەر نەهاتنە خوارێ.. چوونە کوێ؟
پیاوەکانی.. بە کەواو سەڵتەو ڕەوشتی مرادخانی
کە ئێوارە دادەهات بە کووڕە کووڕ
بەرباخەڵیان پڕدەکرد لە دەسکەوت و مایە
گیرفانیان ڕۆزی دەردەکرد لە فەخرو
لچکێک مەندیلی هێمنی دەکەوتە سەر لا ڕوومەتیان..
شەو هات و هەر نەگەڕانەوە چوونە کوێ..؟
قەڵات خەریکە دڵی دەتەقێ؟

(٣)

پارکەکان پڕن لە خەڵک
مزگەوت و کەلێسا
هەموو شوێن پڕبووە
خەڵکی هەمووی لەدەرێن
ناوەوە بەتاڵ بووە

# دیمەنی ڕۆژانە(٣)

سروشت دڵی فراوانە
جێگەی ئەو هەموو دارستان و دەریاو سارایەی تێدا
دەبێتەوە
بە خۆشەویستی و ئازارە بێ سنورەکانیانەوە
دەبێ دڵی مرۆڤ چەند بێ
کە سروشت بەو هەموو گەورەییەوە
لە سوچێکیدا جێگەی دەبێتەوە؟

دایکم دەربارەی خەونەکانم دەڵێ:
کە دێوی ڕەش هات... مەچۆ لەگەڵی
دێوی سپیی هات.. مەچۆ لەگەڵی
تەنیاییت باشترە
لە هاوڕێیەتی ئەوان.

خەون بەهەموو ڕەنگەکانەوە دەبینم
بەڵام لە هەموویان زیاتر سوور دێتە خەومەوە
بۆیە ترساوم!

لە حەوشەی قوتابخانەیەکدا باڵندەیەک دەخوێنێ:
نەوەیەکی تازە دێ بانگ دەدا
لەسەر دەستی ئەو گۆڕان ڕوو دەدا

# سیاسەت! بەخێوکردنی مارە
# لە ماڵەکەی خۆتدا؟

گرنگ ئەوەیە دڵۆپە خوێنێک نەڕژێ
خوێن هەمیشە بەفیڕۆ دەڕوات

شەوان.. بەرلەوەی بخەوم
بە بالیفەکەشم دەڵێم: دەنگ بدە
بەوەی خەونی جوانتری هەیە

هەموو شتێک لە مەملکەتدا هەیە جگە لە مانا
هەموو شتێک لە مەملەکەت مانای هەیە
کەس پێویستی پێی نییە

هەر دڕکە دەکرێ بە پەرژین
بۆ باخچە!

که گەڕامەوە هەولێر
زۆر کەس هاتن بۆ سەردانم
هەندێکیانم نەدەناسییەوە
پیرێک.. سەری لووتی کەمێک قرتا بوو
بە هەیبەت و بێدەنگییەکەی ناسیمەوە
ئیبنومستوفییە
ئەوی تریان بەهەڕەشەو یاخیبوونی
هەر بەمەزەندە زانیم حاجرییە
وتیان، دەمێکە بەنیازی سەردانین
کەچی لە خاڵی پشکنینی قوشتەپە ڕایانگرتووین
وایانزانیوە عارەبین لەو خوارەوە هاتووین
نازانم لەبەرچی ئەوشارە
جوانترین پیاوەکانی خۆی ناناسێتەوە؟

نەوت زێڕی ڕەشە
زێڕەکەی بۆ کێیە
ڕەشەکەی بۆ خەڵکە

لەوسەری مێژوو گۆڕێک دیارە
چی دەبەی لەگەڵ خۆت؟

دادپەروەرییەک هەیە لە گەردووندا
ناهێڵێ هەتا سەر کەسێک هەر پشتی بشکێ

که پیرەمێرد (ژین)ی دەرکرد
هەندێک بەگومان دەیان خوێندەوە
بەگومان بوون لە ئاگری نەورۆزی
لە سیدارەو لە چاپخانەی
هەتا مرد دەیان گوت، پیاوی ئینگلیزە!
دڵنیام نۆکەری بێگانەبووایە
دەیان پەرست.

که مام عەزیزی باخەوان مرد
بۆنی گوڵەباخ بڵاوبوویەوە
که گیوموکریانی مرد
بۆنی حبرو چاپخانه بڵاوبوویەوە
هەریەکەو ژیانی بەچی بەخشیبێ
بۆنی ئەو شته بڵاودەبێتەوە
بۆیه که دیکتاتۆر دەمرێ
بۆنی خوێنی ساردی هەموو شوێن دادەگرێ

تۆپەڵە کلیلێکم پێیە
یەکێکیان نازانم هی کوێیە
مەزەندە دەکەم
هی مەرگی خۆم بێ
ژیان لە دوای خۆی دابخا

له منداڵی... ڕەوەقازێک پەلاماریان دام
یەکەم جەنگ ئەوان بەرپایانکرد لە دژم
ئەوسا دایکم فریامکەوت
تا ئەمڕۆ هەر قازەکانن هێرش دێنن
سوپاس بۆ ئەوانەی بەهانامەوە دێن
لە پێش هەمووشیاندا
دڵنیایی خۆمە
لەوەی هەرگیز ناشکێم

ڕۆژ هەموو بەیانییەک هەڵدێ
بۆ ئەوەی دەست بێنێ بەقژی
منداڵێکی بێکەسدا

باران خزمەتگوزارێکی باریکەلەیە
بە گەسکێکی گەورە
حەوشەو هەیوانی وڵات دەشوا
کەس نییە مەدالیای دڵسۆزی بداتێ.

# ئێكسیری ئەوانەی لەیاد ناكرێن

# سیحری ئاو

- بۆ ئیزابیل ئەلیندی

ژنێک ئاو دەدۆزێتەوە
لەگەڵ هەموو دڵۆپەکانیدا
دەنوێ
ئاو شەڕکەرێکی ناقۆڵایە
بە کەس ناشکێ
ئەو ژنە دەیشکێنێ

# سیحری لەش

• بۆ جومانە حەداد

لەش چەمێکە
بەدرێژایی ئەو چەمە
عەتار شووشە پڕدەکەن لە بۆن

ئەسمەر شەوی درێژترە لە ڕۆژی
سپیی بەفری ئەستوور ترە
ڕەش هەموو شتێکی زیاترە
کوێرم دەکەن ئەو ڕەنگانە

سک بەردی فەلسەفەیە
ناوک گۆمی پڕ ماسییە

ئاسنگەرێک چەکوشی دەوەشاند
دەمی مانگێکی تیژ دەکردەوە
کە لەنێوان
دوو مەمکی ڕووتدا دیاربوو

جوتیارێک زەوی دەکێڵا
کوپە زێڕێکی دۆزییەوە لە خەونیدا
ژنەکەی لێکی دایەوە:
زەوییەکە لەشی منە
هەڵیبێنە.. کوپەکە چییە؟

# سیحری ڕۆژ

• بۆ نیکۆس کازانتزاکی

ڕۆژ بەوە نییە کە گەورەیە
دەچەمێتەوە
بۆ پەلکێک

دار کە چڕو هەراش بوو
دەبەسترێتەوە
بەڕەگەکانی

سەما بازدانە بۆ هەوا
لەکوێ خەریکە تێکدەشکێی
سەما فریات دەکەوێ

براكان دوژمنن
قابیل و هابیلن
موساو فیرعەونن
عەلی و معاویەن

سەدام و خومەینین
....................
....................
دوژمنەكان بران!
خودایە.. هێزی خۆتم تێدا بگێڕە
بۆ سەلماندنی.

# سیحری دایک

● بۆ فاتیمە ناعوت

دایکت بووکەشووشەی بۆ ناردووی
شیعرەکان یاری لەگەڵدا دەکەن
خۆت گەورە بووی

لە ئازەخانە دەرمان نییە بۆتۆ
هەورێک دێ بارانی خۆیت لێ دەدا
چاک دەبیتەوە

لە شەقامی سلێمان پاشا
گۆرەوی فرۆشێک دەگەڕێ

جووتێکی شین دەکڕی
دەیکەیتە پێت
نیل کەمێک تەسکە بۆ قاچت!

ئاپارتمانێک دروست دەکەی بۆ شیعر
دەبیتە دەرگاوانی
نیشتەجێکانی هەموویان تەنیان
تۆ کەسیانی

ئەندازە چەندە شیعرییە
شیعر چەندە ئینسانییە
تۆ هەردووکیانی

فاتیمە ناعوت: شاعیرێکی تازەی میسرەو ئەندازیاری تەلارسازیشە.

# سیحری شەو

● بۆ شەهرەزاد

ڕۆژ لە هانەیەکی ئاگرە
جوانییەکەی
لە گەڵاکانیدایە
کەلوولیان خواردییە
لەدەوری ئەو بۆشاییە
حیکایەتەکانی تۆ لە هانەی تاریکییە

نازانم کێ یەکەمجار زمانی داهێنا
دایکی زمانەکان کێیە؟
تۆ جوانترین کیژی ئەو دایکەی

خەو حەزی لێکردووی
هەموو شەوێک شەهرەیار دەنوێنێ
تۆش دەباتە ناوجێگای خۆی

لە ڕۆژهەڵاتدا گەنجینە زۆرن
هەندێکیان هێشتا لەناو کوپەدان

دەست دەبەی بۆ ناو پەلکەکان
خوخێک دێتە ناو دەستان
دڵی کوڕە عاشقێکە
دێوێک سیحری لێکردووە

بن هەر بەردی کەنارێک نامرادێکی تێدایە
تۆش هێشتا لە شەوی هەزارو یەکەمدای.

# لەش

سنووری لەش کوێیە؟ لەکوێ کۆتایی دێ؟
هەر ئەوانەن کە بەچاو دەبینرێن؟
دەست چی لەشە؟ چاو چییەتی؟
سک و ناوک یا گەردن و مل چین؟
تا ئەوێ لەشە..؟
یا ئەو هەموو هێڵ و فیگەرانە
ئەو هەموو دەنگ و ئازارانە
کەدەڕژێنە ناو گەردوونەوە
هەروادەڕۆن و ناگەڕێنەوە؟
لەش لەدرێژبوونەوەی بەردەوامدایە
کە دەکشێ
هەمووجار دەچێتە ناو مەتاهەوە

## ئیکسیر

له شەرابی عفریت دروست دەکرێ یا گوڵی وەنەوشەی
کێوی؟
کە گوڵی شادییە
تەمەنی کورتە ئەو گوڵە
قەدەری سەختە ئەو دڵە
ئیکسیری ژیان دەدۆزێتەوەو خۆی بزر دەکا

# زەوی

زەوی پڕە لە خەم و پڕیشە لە خۆشی
هەیە پاشا حوکمی دەکاو هەشە کەس.. بەیارو بەرپایە
هەیانە تۆخ.. هەشیانە کاڵ (بەگوێرەی کانزاو سەروەتیان)
ئەوانیش وان: کە هەبوونن ڕەنگیان تێرترە
کەس هێندەی مرۆ وابەستەی زەوی نییە
مەرج نییە، سەرچاوەی ژیانییەتی
ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ ئەو جێگەی قەبریەتی

# جیمس جۆیس

"ئێرلەندا چییە؟ بەرازێکە بێچووەکانی دەخوا"
جیمس جۆیس چییە؟ دەعبایەکە جیهان دەخوا..

# ئاوەدانی

که ژوورێک دەبینی پەنجەرەکانی پەردەیەکی ئەستووری
پێدا دراوە
یا دەرگای خڕ داخراوە
مانای ئەوە نییە ژیانی تێدا نەماوە
لەو شوێنانەدا
قۆزاخەی هێمنی نەکراوەتەوە
ئەوەی هەیە لە پەمۆ نەرمترو سپیترە
شەو بەهەمان شێوە لە هانەیەکە پەلکی تاریکی پێچاوە
لەخۆی
دڵی من
لەوجۆرە شوێنانەیە

## قەقنەس

- بۆ فروخی فەروغزاد

قوماشێک لە ڕەنگی جادووە
لەپێستی قەقنەسە یا پەڕی سەمەندەر
ژنێک بەئاگر دەیشوا
نەژنی پاشایە نە کچی سوڵتانە
خاوەنی ئەو کراسە گرانە
شاعیرێکە
سەروەت و سامانی سووتانە

## زین

ڕۆژهەڵات بادەیە پڕە لە زین
مەم دەستی بۆ نەبرد
نەبادا بشکێ
کێ هەیە وەکو ئەو
قەدری ئەو مەیە بزانێ؟

# له سه‌نگه‌ریکدا

ئه‌گه‌ر ژنه‌که‌م لێره‌با
(ئه‌و ڕسته‌یه ده‌شێ جه‌نگاوه‌رێک بیلێ له ڕه‌بیه‌یه‌کدا)
شتێک له‌و ناوه زیاد ده‌بوو
پێویستمان پێی نه‌ده‌بوو
سه‌نگه‌ره‌که ..؟ ده‌بوو به‌جێژووان
مه‌تاره‌که ..؟ ئاو هه‌موو که‌س پێویستی پێی ده‌بێ
تفه‌نگه‌که ..؟ ئه‌و زیاد ده‌بوو

## ئەی. ئێم. فۆرستەر

"ئەوە چ ژیانێکە، خەڵکی نەتوانن لەو ژوورەدا بمرن کە
تێیدا لە دایک بوون"
نێوانی ئەم دوو ژوورە
زیندانی تەلبەندکراوە
لە هەرکوێ بمری دەورت گیراوە
بەگوڵ
یا لوولەی تفەنگ..
مردن یەکە و هەزاران ناوی هەیە
ژیان هەزارەو یەک ناوی هەیە

## ئاوریشم

بەدرێژایی ئەو ڕێیە بیر لەوە دەکەمەوە:
کرمێک ئەو هەموو سەلیقەیەی لەکوێ بوو؟

## دڵ

ئەو دڵە بە چەند بکرم هەرزانە
داری تووە
پەلکی پڕە لە کرمی ئاوریشم.

# دیوی دووەم

(١)

تەمەن بگەڕێتەوە
هەمان ئەو ڕێگایە ناگرم کە گرتوومە
هەمان ئەو ژنەم خۆش ناوێ کە خۆشم ویستووە
هەمان شت نانووسم کە نووسیوومە...
لە باخچەیەکدا
بەدیار گوڵێکی درەنگی پاییزەوە
تەمەن منداڵێکە ژیر نابێتەوە
گریمان.. ئەوەی دەتەوێ ڕوویدا
کە دەگەیتەوە ئەو شوێنەی ئێستا
کۆشت پڕ دەبێتەوە لە گەڵا
دەتەوێ شتێک بنووسی لە حیکمەتی هەودا
هەمان ڕستە دووبارە دەبنەوە:
هەمان ئەو ڕێگایە ناگرم
هەمان ئەو ژنەم خۆش ناوێ
هەمان...
ژیان بەو چەشنە جوانە
کە هەرگیز تێر نابین لێی.

(٢)

برادەرەکانم هەندێکیان هی منداڵین
لە مەکتەب ناسیومن یا لە کۆڵان
هەندێکیان شارستانن هەندێکیان لادێیی
دوورو نزیک بە نامەو تەلەفۆن پەیوەندیم ماوە لەگەڵیان
بەڵام ئەوانەی مردوون
لوتکەی دووری تەم داگرتوون
نازانم لەبیریان ماوە ڕۆژێک لە ڕۆژان برادەر بووین؟
مردن دەرگای داخستووە بەسەرخۆیدا
کەچی هەمیشە پەیوەندیی دەمێنێ
ئەوە نییە کە دڵم دەگوشرێ دەچمە سەردانی گۆڕەکانیان
ئەوانیش کە دێنە خەونەکانمەوە دڵیان گوشراوە
ئایا ئەوە بەس نییە
بۆ سەلماندنی
برادەرایەتی...؟

(٣)

پێغەمبەرێک لەناوماندایە
بەهەموو جوانیو ناشیرینییەکانیەوە
دڵی بەهەموو شتێکی ئێرە خۆشە
دڵی لە هەموو شتێکی ئێرە دەگوشرێ
پێغەمبەرێکی دژە..
هەموو گریانەکانیمان کردۆتە شیعر
جورئەتی ئەوەم کوا ئەی بۆدلێری هاوڕێم
کە گاڵتەجاڕییەکانیشی بکەم بەشیعر.

(٤)

مەچووە گۆڕستان
ڕۆحی هەریەکمان
پڕە لەگۆڕ
بەگوڵ دایانپۆشە

# سۆناتای پاییز

لەناو جلەکانمدا جوانترینیان هەڵدەبژێرم
بەجۆرە ئەتەکێتێکەوە کە لایق بەئەوە
دەچمە پێشوازی
پاییز بەڕێوەیە
لەژیانمدا زۆر شتی لێ فێربووم
لە هەموویان جوانتر بێدەنگییە.
چۆن لە ماڵەکەی خۆمدا ئەوپەڕی ئازادی دەنوێنم
لەگەڵ ئەویشدا وام
چۆنم بوێ وا دەجوڵێمەوە
ترسم نییە کەس سەرزەنشتم بکا
ئەویش بێ هیچ سڵەمینەوەیەک
لەبەردەممدا خۆی ڕووت دەکاتەوە.
لە منداڵییەوە برادەرین
هەروەکو دایکێک هەڵسوکەوت دەکا
بێئەوەی پێبزانم کەموکورتیم دادەپۆشێ

کاتێک پێویستیشم پێی بێ
هەموو سەروەت و سامانی لە زێڕو ئاقیق دەخاتە بەردەستم
لێشی ناپرسێتەوە چی لێدەکەم.
پاییز هەموو جارێ کە دێ
پەلکی دارەکان لەپێشە خۆیدا دەنێرێ
نەوەکو لەناکاو دەرکەوێ و
کەس بەرگەی ئەو هەموو تەنیاییەی نەگرێ.
ئادەم کە لە بەهەشت دەرکرا پاییزی بەسەردا هات
ئەو وەرزە لەوساوە دۆستی نزیکە
دەمێکە هەستم بەو نزیکییە کردووە
ئەمجارە کە دێ بەچاوی خۆی دەبینێ
چۆن چوومەتە دۆخی ئەوەوە
چەند هێمن و دڵگیر دەرکەوتووە ڕەنگی لە تەماشام
پێش ئەو من تەواو ڕووتبوومەتەوە لە باغەکانمدا
سڵ لەکەس ناکەینەوە

# گوندە بەبۆ

دایکم دەڵێ، تۆ لە پاییزدا لەدایک بووی
بۆیە هێندە عەشقی ئەو وەرزەی..
ئاوهاش نەبا هەر پاییزیی دەبووم
هەر جارەو شێتی ڕەنگ و خولیایەکی دەبووم
کە دەگەمە کۆتایی ئەم وەرزە ئەوجا دەزانم:
نە ئەو هەموو ڕەنگانە کۆتاییان دێ
نە خولیاکان دەبڕێنەوە.

کونده بەبۆیەک بەدوامەوەیە
لە هەر شوێنێک دەخوێنم
ئەو لەوێ بانگی شووم دەدا
نوێنەرایەتی مەرگ دەکا
بەهێزێکی لە ئەندازە بەدەر دەخوێنێ
ترس بڵاودەکاتەوە
قەناعەتی ڕەش بەرپا دەکا
بۆ هەرکوێ دەچم بەدوامەوەیە
کاری منی ئێجگار قورس کردووە
شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی ئەوەدام
چۆن پێچەوانەی ئەو
حیکمەتی ئومێد بڕوێنم

بۆ خوێنەری بسەلمێنم
پاش ئەو هەموو جەنگە
ئاشتییەکی سەرتاسەری سەردەکا
بەهەموو ماڵێکدا..
دەنگی کوندەبەبۆ تادێ نزیک دەبێتەوە
هەموو شتێکیش داپۆشێ
ڕستەیەک هەردەمێنێ لەو سەرەوە
پەنجەرەیەک هەر دەمێنێ ڕووناکی لێ دێتە ژوورێ
بەپەنجەی باریکی دەنووسێ:
ژیان بەوشێوەیە کۆتایی نایێ.

# لەخواحافیزیدا

بۆ سەلاح محەمەد

لە کۆڵان وەستاون
دەست بۆ تەرمی بەرز دەکەنەوە
کە بە بەردەمیاندا دەیبەن
بەسەرشانی چەند کەسێکەوە.
لە بێکەسی شەو ناگەن
لە بێکەسی خۆیان ناگەن
کێ دەیانلاوێنێتەوە؟
کە شاعیر دەمرێ
مانگ لەو بەرزییەوە دێتە سەرگۆڕەکەی
لە کۆنەوە واهاتووە
دنیا دەقی بەشاعیرەوە گرتووە
ئەو بمرێ
بێخاوەن دەمێنێ

سیاسییەکان چەند ڕۆژێکەو پشتی تێدەکەن
زاناکان دەیکەن بەتاقیگە
مێژوونووس هەر تەنیا دەیگێڕنەوە
چوزانم... ئەوەی دێ و پشکێکی دەباو بەس
دوو کەس خۆیان بەخاوەنی زانیوە
یەکیان هەر زوو وازی هێنا
شاعیر جێی خواشی گرتەوە هەر ئەو بە تەنیا مایەوە.
لە کۆڵان وەستاون
تەرمی شاعیر دەبەن
کێ دەیلاوێنێتەوە؟
کێ گۆرانی بۆ ئەو هەموو جوانییە دەڵێ
کە دوای ئەو دەمێنێتەوە؟
کێ سەرنج لە گیای تەنیشت ڕێگا دەدا؟
کێ دەبێتە خاوەنی سەرسەختترین خولیا
دژوارترین ئاواز

کێ دەبێتە تاری تەنیایی
کە دڵ هەر خۆیەتی و نییە هاو دەنگی
لەوپەڕی دڵتەنگی
کە خۆتانن
دەتانەوێ هەر خۆتان بن
لەپەڕی ڕاستگۆییدا؟
کێ..؟ کێ...؟
ساڵێکی تر دەتبینمەوە
ژیان بێ شاعیر
چۆن دەگوزەرێ؟

دڵشاد عەبدوڵڵا

ژوورەکەم کەشتییەکە بەسەر پشتی
تەنیاییەوە
لە بەندەری ڕووناکییەوە
تەکان دەدا بۆ کوێ تاریکە
لە هەر کوێوە دەیکەیتەوە.. ئەوێ
دەرگایەتی
کلیل گومان دەکا
لە کردنەوەی
بۆنی واهیمە ڕژاوە
هی منە، تێکەڵی
داروپەردووی بووە
ژوورەکەم هەر خۆمم تێیدا
کەچی بەردەوام دەنگی چەند کەسێک دێ

کەلوپەل کۆدەکەنەوە
جانتایان ئامادە دەکەن
هەندێک سەفەر دەکەن و هەندێک
دێنەوە
ئەوەی بەردەوام لێرەیە
تەنیاییمە.

زۆر بە دوای خۆمدا گەڕاوم
لە خەیاڵ و واقیعدا
لە ناو خۆم و کەسی ترو شتی تردا
شەڕکەرێک لە ناو گەمێیەکدا
ئەوە منم لە کۆنەوە
لە تەرواده دێمەوە
هەر شەپۆلم جێ نەهێشتووە لە دوای خۆمدا
جەنگێکی بێ ئامانیش
بە دوامەوە دەکشێ

ڕۆژ نەیتوانی پشتم بچەمێنێتەوە
شەو داڵدەمی دا
دەرکەوتم لە ناو ئەستێرەکانی
بێدەنگیم
گەورەترە لە شەبەنگی زمانم
ئازادییەک بۆتە خولیام بێ وڵاتە
کوێیە وڵاتی؟ نازانم.
ئەلبووم پڕە لە وێنەی شکست
یا سەرکەوتنەکانم
هەمیشە دیمەنی شکستەکانم جوانە
پووچ و بێمانان هی سەرکەوتنەکانم
لە دوا دیمەندا
باڵندەیەکی هەڵکوڕماوی سەر تەلی
ئێوارەکانم
گاڵتەجاڕییە چریکەی ئاوازەکانم

منداڵی داری هەرمێیە
هەموو ساڵ جارێک زەرد دەبێ

ئاگر نۆ مانگی تەواوکرد لە ناخمدا
نەوەیەکی تازەی دەبێ
کە ئاوڕ دەدەمەوە
دنیا کوپەی شەرابە
تا دێ تامی خۆشتر دەبێ

ژنێک گوڵێکی بە دەستەوەیە
هەردووکیان سیسبوون بەدیار منەوە

شارەکەم پیر بووە لە دووری مندا
چۆن ببم بە گۆچانی؟

گەڕەکەکەمان هی من نەبوو بەمناڵی
ئێستاکە کەسی نەماوە
بزگوڕی هێناوەتەوە لای من

ماڵەکەمان لە کەلاوەیەکدا کەوتووە
نامناسێتەوە
حەسرەت هەڵدەکێشێ بەخوڕ دەگرێ
فرمێسکەکانی دەڕژێنە گلێنەی شیعرەوە

ئای لە شیعری منداڵی و هی سەردەمی
پیری
ئای لە دنیای تامگرتوو
لە کۆشی وشەکانیاندا

دیمەنێکی دوور:
خانوویەکم دروستکرد لە ناو
گوڵێکدا
تاپۆمکرد لەسەر پەپوولە
ئێستا من کرێچیی ئەوم
لە گوڵستان
دیمەنێکی نزیک:
ژوورێکم دروستکرد لە پەپوولە
دامە گوڵێک
دیمەنێکی نزیکتر:
پەپوولەیەکم دروستکرد
من لە ئەودام.

# چوارینەی ترازاو

(١)

# بۆنی واهیمە

ژوورەکەم هەر خۆم بووم تێیدا
بەردەوام دەنگی چەند کەسێک دەهات
کەلوپەلیان کۆدەکردەوە
جانتایان ئامادە دەکرد
بێزارییان نیشان دەدا
لە پەلە پەلیاندا بەرشتێک دەکەوتن
گوێم لە لەرینەوەیان دەبوو
گەرمایان دەبوو پەنجەرەیان دەکردەوە
ئاوی دەستشۆرەکە دەڕژا
وەکی ئەوەی یەکێک دەستوچاوی بشوا

هەندێک، خودا حافیزییان دەکرد
هەندێکی تر تازە دەگەیشتن
ژوورەکەم بەردەوام پڕ بوو لە میوان
هەمیشە پڕۆژەبوو بۆ سەفەری سەرگەردان
ئەوەی هەتا سەر لێرەیە
تەنیاییمە.
بۆنی واهیمە دێ لە کورسیی و مێز
بۆنی واهیمە دێ لە تابلۆی دیوار
لە کتێب و لە وشەی بێزاری بەهەزار
کۆناکرێنەوە لە ڕستەی مانادار
بۆنی واهیمە دێ بۆنی واهیمە
لە کیسەی توتن و لە چەرخ و پایپ و فینجانی قاوە
لە حەبی پارسیتۆڵ و لە سەعات و لە یاخچاڵ
بۆنی واهیمە دێ لە هەموو
ئەو بۆنە لە کوێ پەیدابوو؟

ئەوانە کێن لە ژوورەکەمدا دەچن، دێن؟
هەیانە بەسیماش نایناسم
هەشیانە پێکەوە گەورە بووین
ئێستاکێ لەتبووە ئەو بۆنە
هەیانە هی دوژمنەو هەیانە هی دۆست
ناوێک دەدۆزمەوە بۆنی لە دڵۆپە ئاوێک بچێ
لەهەموو شتێکدا بێ و هەر خۆشی تەنیا بێ
لە منداڵی هەمووان بچێ لەپیرییدا
ئەو ژوورە کە هەر خۆمی تێدا
ئەو هەموو بۆنە لەکوێ پەیدابوو؟
ئەو هەموو شەڕو ئاشتییە لەکوێ بەرپابوو؟
بۆنی واهیمە دێ لە من
هی سەرووی شەڕەو هی سەرووی ئاشتی
هی سەرووی دۆستەو هی سەرووی دوژمن
ئەی خودا!!
بەزەیت بەتەنیاییم بێتەوە
ئەو بۆنە مەکوژە لەمندا

## (٢)

## دڵشاد عەبدوڵڵا

زۆر بەدوای خۆمدا گەڕاوم
چیاو دەشت و دەر شارو مەملەکەت
شەقام و ماڵەکان
لەڕێگاکاندا تاساوم
لەناو ئەلبومەکاندا
سیمای خۆم دییوە لە کەسی تردا
لەناو هەزارو یەکشەوە
سیحرێک کردبوومییە ماسیی لە گۆمی شەختەدا
لە ئەلیازەو ئۆدیسەدا
شەڕکەرێک بووم لەناو گەمێیەک بەتەنیا
هەر شەپۆلم دەداو نەدەگەیشتمە مەیدانی جەنگ
لە زۆر ڕۆمان و چیرۆکدا پاڵەوانی لاوەکی بووم
نەدەگەیشتمە کۆتایی
هەر ئازار بوو هەر ئازاری تەنیایی
هەر کەناربوو کەناری ماڵئاوایی

جارێک بووم بەشەهیدو بزر بوو ناونیشانم
جارێک بووم بەئەشقیا
کوا ڕێباز کوا نیشتمانم؟
ناوی خۆم دا دەست چرایەک
شارەکان گەڕاو نەیدۆزیمەوە
قەقنەسم هەر دەسوتێم و زیندوو دەبمەوە
لەدوا دیمەندا
باڵندەیەکی هەڵکوڕماوی سەر تەلی ئێوارەکانم
بۆ کێ هەڵڕێژم چریکەی ئاوازەکانم؟

(٣)

# کۆڵانی بیرێژیان

مندالّیی دار هەرمێیەکە
هەموو ساڵێک زەرد دەبێ

ڕووەکی بەختەوەری
لەڕۆخی جۆگەییدا شین بووە
گوڵ ناگرێ

هێلانە چۆڵبووە
پێکی شەوم خواردەوە
تابنی پیاڵە

ناوکی شەیتان ئاگرە
ئەوەی بسووتی
بەرناگرێ

ئێستاکە ئاوڕ دەدەمەوە
کوپە شەرابێک کراوەتەوە سەری
باڵندە دەنووکیان تێخستووە

کچێک گوڵێکی لەدەستە
هەردووکیان سیسبوون
بەدیارمنەوە

کۆڵانەکەمان پیربووە
کەنامناسێتەوە
دەگری

(٤)

## گوڵستان

دیمەنێکی دوور:

خانویەکم دروستکرد لەناو گوڵێکدا

تاپۆمکرد لەسەر پەپوولە

ئێستا من کرێچی ئەوم

لە گوڵستان.

دیمەنێکی نزیک:

بەکراسی بەسیمی خەفەت چنراو

دراوم لەدار

دیمەنێکی نزیکتر:

نەماوە ئەوەی دەگەڕێم بەدوایدا

بزربووە بەر لە چەند سەدەیەک

هەورێک وتی من ئەوم، باران کوشتی

خەیاڵێک وتی من ئەوم قافیەو کێش کوشتی
ئێوارەی شەممەیە
هەموو شتێک ماندووە لێی دەڕژێ
هەر ئازارەو هەر ئازارە دەخشێ
ئەی مردنی شین بەو ڕەنگە هەتا هەتایە
بمگێڕە لەسەرخۆ بەناز بمگێڕە
دنیا هەمووی لافاوەو هەر لافاوەو هەر لافاو
سەرەتا ئاوەو ئێستا ئاوەو کۆتایی ئاو
ژوورەکەم بەپشتەوەیە لە شێوەی گۆی زەوی
داکەوتووە شانم
باڵندە بەپۆل دەنووک دەدەن لەزمانم
بەپاڵتۆیەکی لەڕەنگی گوێی شەیتانۆکە
باوەشم کردۆتە هەموو
دیمەنەکە وردەوردە دەسڕێتەوە
دیار نابین هەموو.

ڕوونکردنەوەیەک: ئەم دەقە بە دوو ناونیشان (دڵشاد عەبدوڵڵا و چوارینەی ترازاو) و دوو جۆر تەکنیک نووسراوە، کاتی نووسینیان لەیەک نزیکە، هەر یەکەیان تام و بۆنی ئەو ساتانەی لێ دێ کە تێیدا لە دایک بوون. دوو سێون بە یەک لکەوە و دەکرێ بەیەکەوە نووسابن، ئەو جۆرە میوەیە لە سروشتدا هەیەو ئەگەر لە شیعریشدا هەبن چ قەیدی دەکا؟ خۆشم نازانم بۆ ئەو دەقەم بەو دوو جۆرە نووسیوەتەوە، هەردووکیان دوو دیوی شووشەیەکی ڕوونن لە هەر لایەکەوە تەماشایان بکەی ئەوسەرو ئەمسەری من دەبینی..یا دووانەیەکن پێویستیان بە نەشتەرگەریی هەیە بۆ جیاکردنەوەیان.

. دڵشاد .

# ڕەگی تەنیایی

(١)
# بەیانییەک لای مەولانا

له ئاوێنەی باخچەیەکدا کە گوڵاو شکاندبووی
تەماشای گوڵێکی دەکرد
شەرم دایگرتبوو
بۆنی منداڵی پەرت ببوو هەرچی هەبوو
بەبیرم دێتەوە: جێ پێی مامزم لەناو گیا
بەو بۆنە دەناسییەوە.
له نەخشەی وڵاتدا
هیچ شتێک نەمابوو دڵ خۆش بکا
له شارەزوورەوە تیریان دەهاویشت
سەری تیرەکان ژەهریان پێوەبوو
بۆنی کەلاکی گرتبوو.
پاشایەک له سلێمانییەوە

نامەی هەڕەشەی ناردبوو
کە گەیشت لە بەردەم مەولانە بوو بە کێروشک...
ئەو بەیانییە لەوێبووم
شێخێک مارێکی خستبووە
ناو پشتێنی نۆکەرێکیەوە
لە بەردەمی مەولانا بوو بە شەتڵە ڕەیحانە..
شام موگناتیس بوو تا سەمەرقەندو بوخارا
خانەقای دڵ پڕ بوو لە گوڵ
دوو باڵ شۆڕببوونەوە بە بەژنی
دەکرانەوە کە باسی ڕابردوو دەکرا

ئەو ڕابردووە کافوورەش چاوێکی هەر لە باکوورە
چیبکەم لەوەی بوو ڕامکردووە بەرەو داهاتوو
دەزانم من نەوەی سیزیفم
ناچارم هەردەبێ ئەو بەردە هەڵبگرم
ئەو بەردەش ناچارە غلۆربێتەوە.
لە باخچەیەکدا... ئەو پیاوەم پێشتر دیبوو
گوڵێکی دەلاواندەوە: ئێرە دەکەم بەماڵی خۆم!
یا دەبێتە گۆڕ
تا هەتایێ دەبمە هاوسێی پەپوولە..
هەر هێندەی ناوکی خۆخێکی لێ مابووەوە
خانەی تەنیایی سووتابوو
دنیای لێ ببوو بە باخچە
مرۆی لێ ببوو بە گوڵ
بەهـ..... لەو دڵە
ئەو هەموو ئاگرەی گرتووەو وێران نەبووە.

ئەرێ کەی بوو مەولانا خالیدی نەقشبەندی
دەرپەڕێنرا؟
کەی ڕاونرا؟ دەڵێی ئێستایە...
خودایە! چۆنم دەکوژی؟ لە چ خاک و
مەملەکەتێک دەمنێژی؟
بەناوی منەوە جۆگە خوێنی پێدا دەڕوا
سوپای سەلەفی توندڕەو بە پشتێنی تەقینەوە
لە بازگەکاندا ناوی من دەهێنن
من لە کوێ و ئەو سەرسەری بازانە لە کوێ؟
خودا کە ویستی حوکمی عالەم بکا
تەماشای دڵی منی کرد
هەر هێندەی پەرەمووچەیەکی دەکێشا

بەو پەڕەمووچەیە نووسیم: مەولانای ئەوان نیم!
لە شەرعی مندا: مەڕو گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە
کەس ڕێ لە مارمێلکەش ناگرێ
هەموو پێکەوە لە کاروانێکدا
نهێنی قافڵە: لەتە نانێکە
هەموومان دەیگرین بەدەستەوە
دانەدانە ڕەشکەی شەوێکی شارەزوور
دەبریسکێنەوە لە ناویدا.
تەرمی ئەو شەوە بە گالیسکە دەگوازینەوە
بۆ کوێ بچم ئەو ناوەم پێوە نووساوە
ئەو خەونە هەر ماوە..
من لەوێبووم کە تەماشای ئەو شەوەی دەکرد
کتێبی ئەو شەوەی دەخوێندەوە
ئێستا کە ئەو شەوە دوورکەوتۆتەوە
مەولانا بەزەیی بە دوژمنەکانیشی دێتەوە.

(٢)

# ئێوارەیەك لای مایاكۆفسكی

ڕابردوو سیسببوو لە گیرفانیدا
مەرگ گەمە بوو لەگەڵ هەور پەلەیان بوو:
كێ زووتر بباریێ.
كەلێن كەوتبووە نێوانی ئەو و مۆسكۆ
هەمووی پڕكردەوە
بەشیعری
دڵی باڵندەیەك لەناو لەپیدا
ستایشی جریوەكانی دەكرد
چەند لەیەك دەچوون
هەردووكیان
بێ منەت لەسەر شەقام پیاسەی دەكرد
دەستی لەناو دەستی شۆڕشدا بوو
شیعر پیر نەدەبوو لە ئەودا
ڕووسیا بەو هەموو سەركێشییەوە جوان بوو
مەرگیش بە مایاكۆفسكییەوە.

(٣)

# شەوێک لای میر

نیل دشداشەیەکی لەبەرەو دەرگاوانی
بینایەکی چەند نهۆمە
هەژارەکانی دنیا هەموو لەو بینایە دەژین.
ئەهرام دڵی خودایە
کەوتۆتە سەر زەوی
مردن مۆمیا کرایە
میرێک بە ئامانج نەگەیشتووە
کەشتییەکەی کون کون بووە
لە مانشێتی ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە:
گوڵی ئازادی
کە سەری دەرهێنا ناپرسێ:
ئێرە وڵاتە
یا دەربەدەری...

(کوردستان) کرمی ئاوریشم بوو
ڕێی سەربەخۆیی بە هەودا دەچنی
..................
..................
..................
ئەو شێوازە چییە کە دەقێک بە زیندووی
دەهێڵێتەوە
زەمەن وردوخاش دەکاو دەیکا بەکل
مافی ئەوەش دەدا بە داهاتوو
ڕابردوو خانەنشین نەکا؟

بیر لە ئامانجی میرێک دەکەمەوە
نانێکی ڕەقهەڵاتوو بوو لەسەر خوان
ئێستا نە میر لێرەیە نە ڕۆژنامەکەی
شتێک ماوە مۆمیاکراوە:
ئامانجەکەی!

تێبینی:
ڕەفیق حیلمی، جەلادەت بەدرخانی بە میری بەئامانج نەگەیشتووە وەسفکردووە.

# سووڕەتی فادیمە

سالێکیان.. فادیمەیان کوشت. بەناوی ئەو دەست پێ دەکەم.
ڕووناکی کەوتۆتە قلێشی زەوی. بەرد شوێنی مارو
مێروو لەکن خۆی دەکاتەوە.
ئەدی ئەنگۆ لەبەرچی پەند لەو بەردانە وەرناگرن
خۆشبەحاڵی ئەوانەی دەرکی ماڵیان
هەردەم کراوەیە
وەکی چۆن دڵی فادیمە هەردەم لەسەرپشتە بۆ خۆشەویستی.
تیترواسکێک ئاسمان تەی دەکا. دەپاڕێتەوە لە هەور، لە گوێ
ئاواندا بانگ دەکا: ئێرە پڕبوو لە پونگ و نەعناع.. چییان لێ
هات؟
دەگەڕێ و لە شەپۆل دەپرسێ، لە دار دەپرسێ لە با دەپرسێ
خوا گوێی لەو دەنگە گرتووە.
کەسێک بەو چەشنە شەقیو ماندوو بێ، باخچەیەکی گەورەی
بەهەشت بەناوی ئەوەوە ناودەنرێ.

من تەواو سەرسامم: چۆن دەرگا  لەبەریەک هەڵنەوەشاوە؛ کە دیتی: فادیمە بەچۆکدا هات و کەوتە ناوقانە نێرگزی خوێنی خۆیەوە.

ئەو چۆن وەڵام دەداتەوە، گەر دەستێک ڕایهەژاند، چۆن دڵنیا دەبێ لە قفڵ و کلیلی کە لە پشت ئەوەوە تاوانێک ڕوویدا.

ئەو دارە تەواو شەرمەزارە ئێستا کە شکۆی خۆی داوەتە دەرگایەک، ئەویش کراوەتەوە بۆ کوشتنی فادیمە.

خودا زەوی لە شێوەی دەموچاوی فادیمە دروست دەکاتەوە، بکوژەکەی  چۆن دەتوانێ تەماشای بکا؟

سامالێکی تەنک دەکشێ تا دەگاتە سەر پەرچەمی

لە خوار چەناگەی گرێیەک لە خۆی دەدا

زەوی بۆنی کێ دەدا؟

تاوانێک لە پشت دەرگا دەمی بەستۆتەوە، لە کونی چاویەوە کۆترێک دەبینێ، لافاوێک وا بەڕێوەیە!

ئەی نەوەی ماد، خۆخرِکەنەوە، ماڵ و حاڵ بفرۆشن
پاپۆرِێک بکرِن
تاوانێک هەڵدەکا، تووک رِەشە، دەنگ ناخۆش.. دەقیرِێنێ
ئەوەی بەسەر پشتی پاپۆرِەوەیە: خوا رِووناکی و شەرابو
گوڵەگەنمی بەسەردا دەبارێنێ
ئەوەی تر بەردو هەورەتریشقە
کە گەیشتینە وشکایی، ئەوەی دەمێنێ، ئەوانە نەوەی فادیمەن
ئەوانەی مردن و لەبیر دەچنەوە نەوەی شەندەهالن.
گوێبگرە ئەی با، لەسەرخۆ خۆت بدە لە کەناری سوید
برینی فرزەندێکم لەو گوێ ئەوانە کەوتووە
کار مامزێک دەمی ناوە بەئاوەوە
لە پشتەوە رِاوچییەک تەقەی لێ دەکا

هێلکەی باڵندەیەک لەبن پەلکێکدا نووستووە
ئەو هیچ کاری بەنگۆ نییە، دەستی بۆ مەبەن.. ئەو غەدرە
لە خۆتان مەکەن.
ئەنگۆ لە نەوەی خشۆکن، ئەو هەر هێندە کە تروکا دەچێتە
حەواوە.
گوێبگرە، فادیمە! ئێستا مەلێک دێ پرسیارت لێ دەکا
سڵ مەکەوە، لاسکی بەژنی خۆتی نیشان بدە
هەورێک دێ بابارانی خۆیت لێ بدە
تۆ لە نەوەی ئاوی و هەرئاویش دێن بۆ دیدار
گوێبگرە.. فادیمە! ئێستا بایەک دێ
خۆت هەڵخە لەبەریدا.. ئەو بۆنت دەباو
بە بەهەشتی دا دەکا
سڵ مەکەوە، هەمووان لەوێ چاوەڕێتن.

شوباتی/٢٠٠٢

---

فادیمە ژنە کوردێک بوو ئەو ساڵە لە سوید بەدەستی باوکی کوژرا.

# مردنی گۆرانیبێژ

**(بۆ جەلال بەرزنجی... بۆ ئالاسکا)**

نۆتەی ئاوازەکان.. هیچیان
هی مەرگی ئەو نەبوون
ئای لەو دڵە خەمگینەی..

# هەڵەی ئاوازەکان

چەند جار ئێسکی باڵندەی کوژراوم کردە نای
چەندجار قامیشی ناو گۆمی خوێن و
چەندجار دڵی کون کونی ئێوارەم
کردە نای
هەموو جار ئاوازێکی نامۆ لێیانی تێک دەدا
نۆتەیەک دەکەوتە ناویانەوە
بڵێسەی ئیلهامێکی بێ خۆڵەمێش
تێیان بەردەبوو.
هەڵەی من ئەوەبوو،
مەرگی خۆم نەکردبووە هەناسەیان
بەوە هەڵخەڵەتابووم
شکستی ئەمڕۆ سەرکەوتنی سبەینێیە
سبەینێ..
شەوێکی درێژ هات و هەر نەبڕایەوە

# کۆچی ئاوازەکان

بەسەر خەمبارترین ڕووبارەوە دەفڕن، ئاوازی تۆراون.
هەوا ناڵەی دێ بەدەست باڵەکانیانەوە
چی ڕوویداوە؟ ئاسمان
خۆی نەناس دەکا لێیان
لە کۆنەوە.. ئەو کۆچە غەمگینە بەردەوامەو
ناگاتە هیچ شوێنێک
شوێن..
کوێ ماوە تا ئومێدی نەیکوتێ
تەزرەی درشتی.
برینداری کردووم تیغی گۆرانییەک
خوا دەری کردووە لە مەملەکەتی
مرۆڤیش ناتوانێ بیکا بە هی خۆی.
بەرزتر بفڕە ئەفسوونی نامراد
بەرزتر..

دەڵێی ئەستێرەیەکی دوورم
لە کۆشی هەورەکانەوە دەکەومە خوارێ
بارانێکی ڕەشم پێیە
ئاوم هەرگیز هێندە تووڕە نەبووە

## لاشەی گۆرانییە کوژراوەکان

بەدەستی خۆم هەندێکیانم ناشتووە
ئەوانەی، نەیانتوانی ببنە ڕەنگێک لە سەرووی شینەوە
ئەوانەی، تەسلیمی سپی بوون لە کپی بەفردا
ئەوانەی شەویان بەڕێکرد لەگەڵ یەکەم تاریکیدا
گۆرانی دەستە پاچە ناوەستێ
لە بەرانبەر زەردبووندا.
بە دەستی خۆم لاشەیانم کۆکردەوە
هەندێکیان ببوونە گوڵاڵە سوورە لە عەشقی لەیلا
ببوونە مانگ بۆ تەنیایی شەوەکانیان دەلاواندەوە

پێست چ ڕەنگبا گرنگ نەبوو
زمان بەکاملادا بگەڕابا گرنگ نەبوو
چاو لە کوێبا گرنگ نەبوو بەلایانەوە
بە دەستی خۆم لاشەیانم خستە سەر شانم
مەسیحی گۆرانییەکانم
بۆ کوێیان ببەم لە کوێیان وەشێرم
دڵم خوێنی ئەوانی لێ دەڕژێ
چاڵ و چۆم پڕبۆتەوە بە ڕەنگی سووریان

## گۆڕیان

لە بن شاخێکدا بیانشارمەوە.... گۆڕیان بۆ چییە؟
ئەوان هەر جارێک نامرن
بەسەر شان و ملی خۆرەوە دێنەوە
بە غەریبی چاو دەبڕنە ناوچاوی گۆرانیبێژ
وا پێ دەچێ بیناسنەوە.
لە دوورترین دەریادا بیانشارمەوە... لە هەرکوێیەک بن
دێنەوە.

له گۆڕەپانی نیوەڕۆیەکی گەرمدا
وەکی درەختێک و ئەوان چۆلەکەبن
دەخزێنە سێبەری گەڵاکانمەوە
بەو دیمەنە سوریالییەوە، دەچم لە دەرگای خوا دەدەم
بەڵکو جێیان بکاتەوە
ئەوان بەرگەی ئەو هەموو مەرگە ناگرن
نەمری ئەوەی ناخۆشە:
هەمیشە دەبێ زیندوو
ببنەوە.

## له ئالاسکاوه

برادەرێکم لە ئالاسکاوە دەنووسێ: شتێت بوومە بەدەست
بەفرەوە
ئەو خوانەناسە نە هیلاک دەبێ و نە ساتێک دەسرەوێ
هەر خۆی دەنێ بەخاکەوە
لە ناو سەرمای شەوی تەزیو
یەکتری دەگەوزێنن..

گۆرانییەک دێتە گوێم هی بەفرە
شێت بووە بەدەست عەشقەوە
شەوێک لە (سکتان) خەونت بە بەفرەوە دەدی
چوو بووە ناو لەشی ژنێکەوە
لە ئالاسکا.. ڕوح پڕە لێی.
(داسن) کووزە گندۆرەیەکە لە ناو قاپێکی بازنەیی
بەستەڵەکی باکووردا. چەند حەزمان لە گندۆرەی دێمی بوو
لە ناو بێستانەکانی لاڕێ، کە دەچووینە کۆیێ.
پۆلێک باڵندە بەباڵی بەفرەوە گۆرانییەک دەیانهێنێ
تۆ ناردووتن
کە دەگەنە جێ کلوکلو دەبن
دەڵێی منداڵی دڵشکاون
شێت بوومە بەدەست گریانیانەوە.

ئەگەر پیرێژنێک نانێکی گەرمی بۆ هانی
دایکت ناردوویەتی لە هەولێرەوە
هاتووە تێرت کا
تۆ بە چێشتی موعەلەب تێر ناخۆی
ئەگەر چایەکی گەرمیان لە پێشت دانا
چایچییەکەی ئەو بنارە ناردوویە
کە کاروانچی و ئەشقیا
دەوری سۆپای داریان دەدا
منیش لە بەرانبەریان ئینجیلم دەخوێندەوە
(وەتمان) دوو چاییمان بۆ بێنە
بەتامی ئەو ڕۆژانەوە.. ئالاسکا شیرینە
ئەگینا غەریبێکی ڕۆژهەڵات و بازنەی بەستەڵەکی باکوور
کوجا مەرحەبا.

# له کەنگێوە؟

مەخابن بۆ لوتکە چۆن دانەوەی
لە پەنجەرەوە تەماشای دوورترینیان دەکەم
لە کەنگێوە لەسەر نەخشە نەماون
ئاوی چاوم داهات هێندەی دەست بگرم بە هەنیەمەوە بۆ
بینینیان
ئەوانە نەبن چیا چییە؟ بەفر چییە؟
لە کەنگێوە ئەسپەکان دەگلێن
بۆ دەبێ هەمیشە بگلێن؟
دەفتەری خەونەکان پڕن لە نۆتەی گلاو
چەند جار ئەو جەنگەمان دۆڕاند
پشکۆی گۆرانییەکانمان چزاند بەلێوی ڕابردوومانەوە
لە کەنگێوە... هەر ڕابردوو
هەر ڕابردوو
هەر ڕابردوو
کوێر بووە ئێستامان

# مردنێک لە خەونەوە

مەرگێکم هەڵبژاردووە.. بنو با بێتە خەوتەوە
خۆخەکان.. لکی درەختەکانیان چەماندۆتەوە
یا شەو، دانەویووە بۆ کۆکردنەوەی ئەستێرەکانی
ئەوەی ڕوودەدا، عەبەسە
دوا گۆرانی و ئیتر بەسە
من چی دەڵیم و تەمبوورەکەم چی دەژەنێ؟
گەنجینەی ئەو مەرگە زۆرترە لە هی مەملەکەت
خاتر جەم بن ئەو باخچەیە بە گوڵەکانی دەناسرێتەووە
ئەو مەرگە بە خەونەکانی
چەقەڵ و گورگ تێی وەرهاتوون
ئەوان چییان لەگەڵ مردندا پێ دەکرێ؟ چییان لە دەست
دێ؟
کە من ئەوم بەهێزی کەسکایی باخچە شوبهاندووە
بەو چەکەوە دەچمە جەنگیان

دریغا نەتوانم لەدوا گۆرانیدا
ئەو باخچەیە
لە توورەگەیەکدا
ببەم لەگەڵ خۆمدا

## سپاردن بەسپی

دنیا دیار نییە لەبەر ئازارەکان
لە باکوورەوە تیر دەهاوێن بۆ فرزەندەکانم
لە هەر چوار لاوە تیر دەهاوێن
بە کوێدا بڕۆن فرزەندەکانم؟
تیری خۆم دەگرمە دڵی ڕۆژهەڵات
داسن دیار نییە لەبەر بەفر
هەولێر دیارنییە لەبەر فرمێسکەکانم

ئەو هەموو تۆران و دڵشکانە
لەوێ کێ دڵت دەداتەوە؟ یەکێک هەیە
شەو لێفەکەت پێدا بدا، کە بانگت کرد
پەرداخە ئاوێکت بداتێ، سبەینێ گوڵێک
لەسەر مێزی نووسینت دابنێ..
دڵنیابە.. شەڕ تەواوبووە
پاشماوەی چەکەکان لێرە ماون
هی جەنگە کۆنەکان و هی جەنگە تازەکان
لە کوێیان وەشارین، کام زەریا؟
حکومەت وای بە باش زانی، هەریەکەو
گۆڕێک هەڵکەنێ لە دڵی خۆیدا بۆ شاردنەوەیان.
لە کونی دەرگاوە ڕووناکییەک دێتە ژوورێ
کەس هێزی نەماوە دەرگا بکاتەوە
هێندەمان کردەوەو کەس نەبوو
هەر با بوو بەئاگای دەهێناین

هەر گەڵای وەریو بوو
هەر وەهمی دەرێ بوو لە دەرگای دەداین
هەر سێبەری خەفیەو ئەغیار
هەر هەواڵی مەرگی خۆمان بوو دەهاتەژوورێ.
چراکان کوژاونەتەوە پەنجەرە غەمگین
سیمرخێک باڵی دەکاتەوە جێی هەموومان دەبێتەوە
حەفت شەوو حەفت ڕۆژ دەفڕین
کە دەگەینە بەر قاپی خوا کەس لەوێ نەماوە
ئەستێرەی ڕۆحمان کوژاوە
لە فەرهەنگی زمانەکاندا هیچم نەدۆزییەوە
وەکی خۆی دامنا: مەرگی گۆرانیبێژ!
ئەو دنیایە ئاوایە
هەرچی هەیە لە تەمبوورەکەی ئەودایە
تەموور شکایە

له ئالاسکا بەفر دەتلاوێنێتەوە
لەسەر ئەو باڵە سپییانەی پاڵ کەوتووی
کە دەگەیتەوە ئێرە کەس لێرە نەماوە
ئەو دنیایە ئاوایە
هەموو دەڕۆین و بەجێی دەهێڵین.

# چاپكراوەكانی شاعیر:

جوانییەكان و چەند لاپەڕەیەكی ژیانی بەفرنووس ١٩٩٢ (شیعر)

پیاسەی پەپوولەكان١٩٩٣ (شیعر)

زاخ ١٩٩٨ (شیعر)

بەفرنووس ١٩٩٩ ( شیعر)

شەوی دووەم ٢٠٠٠ (شیعر)

بزربوونی ناوێک ٢٠٠١ (شیعر)

هەوڵێک بۆ كوشتنی كات ٢٠٠٢ (شیعر)

مانگی نیوە مۆر ٢٠٠٣ (شیعر)

گۆمی پوونگ ٢٠٠٤ (شیعر)

حەج ٢٠٠٥ (شیعر)

ئیرۆسكێ ٢٠٠٥ (ئەزموون)

بەفرەلۆک ٢٠٠٦ (ئەزموون)

بازاڕی بۆنفرۆشان ٢٠٠٦ (شیعر)

شەوەكانی ئامیتا بە درێژایی بابل ٢٠٠٧ (شیعر)

ئیرۆسكێ (چاپی دووەم) ٢٠٠٧ (ئەزموون)

گەیشتن بە ئاگر ٢٠٠٨ (شیعر)

كۆ بەرهەم:

بەشی یەكەم:

(بەفرنووس و ئەوانی تر) ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس